

# بەختت لەم مانگەدا



## گاور ٢١/٣ - ٢٠/٤

١٠ی مانگ بارودۆخ لەبار ئەبێت و کارەکانت بە باشی ئەنجام ئەدەیت. زانیاری گرنگ دەست ئەکەوێت.١١ تا ١٧ ی مانگ کەشێکی لەبارە بۆ پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانت و هەواڵی کوتوپڕی خۆش ئەبیستی. ١٢ و ١٣ ی مانگ ڕەنگە دەستکەوتێکی داراییت لە ڕێگەی پرۆژەیەکەوە دەست بکەوێت یان گەشتێك بکەیت. ١٤ ی مانگ هەسارەی (مانگ) لە بورجەکەتدا کاریگەریی ئەبێت لەسەر لاسەنگی تەرازوو کە بەلای بەرژەوەنییەکانتدا ئەشکێتەوە. ١٥ و ١٦ی مانگ چوونی هەسارەی (مانگ) بۆ بورجی گا سەرقاڵت ئەکا بەکاروباری داراییەوە. ڕەنگە بە بڕێك پارە باجی کارێك بدەیت.١٧ی مانگ هەسارەی (مێرکوری) لە بورجی(گا)دا دەست ئەکات بەگەڕانەوە ئەوەش کاریگەریی لەسەر باری داراییت ئەبێ، پێویستە چاونەترسانە بڕیاری خۆت بدەیت. ١٨ و ١٩ی مانگ هەسارەی (مانگ) لە بورجی دووانەدا بارودۆخێکی گونجاوت بۆ ئەڕخسێنێت. ٢٠ و ٢١ی مانگ چوونی هەسارەی(مانگ) بۆ بورجی قرژاڵ و دروستکردنی گۆشەیەکی گونجاو لەگەڵ هەسارەی (ڤینۆس) و (مێرکوری) لە بورجی گا دا کاریگەریی باشی ئەبێت، بەڵام بە ئاگابە لە هەندێ ڕێگری لە نێوان ١٩ و ٢٠ی مانگدا. ٢٤ی مانگ هاوکارەکانت لە کارەکانتدا یارمەتیت ئەدەن. ٢٥ ی مانگ هەسارەی (مانگ) ئەچێتە بورجی (شێر)ەوە ئەوەش کەشێکی ڕۆمانسی گونجاوت بۆ دێنێتە کایەوە. ٢٦ ی مانگ باوەڕت بە خۆت زۆر ئەبێت، و ڕای خۆت بەسەر دەوروبەرەکەتدا ئەسەپێنیت. ٢٨ی مانگ هەوڵبدە لەسەرخۆ بیت و کارەکانت بە هەڵەشەیی ئەنجام مەدە. ٢٩ی مانگ چوونی هەسارەی (مانگ) بۆ بورجی (تەرازوو) لەبارە بۆ پیاداچوونەوە بەکارەکانتدا. ٣٠ی مانگ هەوڵبدە لە بیروڕاکانتدا تاکڕەو نەبیت.

### مانگی ئایار

سەرەتای مانگ دیدارێکی چاوەڕوان نەکراو بە ئاکام ئەگەیەنیت. ڕەنگە گەشتێك بکەیت، هەوڵبدە سود لە گەشتەکەت ببینیت. ٢ ی مانگ هەسارەی (مانگ) و (پلۆتۆن) لە بورجی گیسکدا بەیەك ئەگەن بەهۆیەوە گرنگی بە باری پیشەییت ئەدەیت و سەرقاڵی پەیوەندیی تەلەفۆنی و ئاڵوگۆڕی نامەی ئەلەکترۆنی ئەبیت. ٣ ی مانگ ڕووبەڕووی ململانێ و مشتومڕ ئەبیتەوە، هەوڵبدە لە سەرخۆبیت. ٥ و ٦ ی مانگ هاوڕێیەکت پێویستی بە یارمەتی تۆ ئەبێت.٧ی مانگ هەسارەی (مانگ) و(ژۆپیتەر) و(ئۆرانوس) لە بورجی (نەهەنگ)دا بەیەك ئەگەن، بەمەش هەستێکی تایبەتت لا دروست ئەبێ و لە بارودۆخێکی نائاساییدا ئەژیت. ٨ی مانگ لە دیدارێکدا کەسێك سەرنجت ڕائەکێشێت.



## گا ٢١/٤ - ٢٠/٥

١٠ تا ١٢ ی مانگ بەری هەوڵ و تێکۆشانی ڕابردووت دەست ئەکەوێت، پیاچوونەوە بە کارەکانتدا ئەکەیت. ١٢ تا ١٤ ی مانگ بیرەوەرییەکی ڕابردووت لەلا تازە ئەبێتەوە. ١٥ ی مانگ هەوڵبدە ژیرانە بیر لە ئەنجامدانی کارەکانت بکەیتەوە. بۆ باری داراییت بەدوای چارەسەری گونجاودا بگەڕێ.١٧ی مانگ هەسارەی (مێرکوری) ئەگەڕێتەوە بۆ لای بورجەکەت، لە هەمان کاتدا هەسارەی (مانگ) ئەچێتە بورجی دوانەوە کە کاریگەریی ئەبێت لەسەر بەشداریکردنت لە بۆنەو ئاهەنگێکدا یاخود شتێك ئەکریت کە دڵخۆشت ئەکا. ١٨ی مانگ لە مامەڵەکردنت لەگەڵ دەوروبەرەکەتدا بە ئاگابە. ١٩ تا٢١ی مانگ بەهۆی بەیەك گەیشتنی هەسارەی (مانگ) و (ژۆپیتەر) لە کەشێکی ئارامیی خێزانی و سۆزداریدا ئەژیت. ٢٢ و ٢٣ی مانگ بە ئاگابە لە کێشەیەکی بچووك، کە ڕەنگە کاریگەریی هەبێت لەدواکەوتنی هەنگاوەکانت لە کارەکانتدا. لە نێوان ٢٣ تا٢٥ ی مانگدا ئەرکەکانی سەرشانت لەبیر ئەکەیت و دوای ئارەزووەکانت ئەکەویت. ٢٦ ی مانگ دیدارو زانیاری گرنگی لە خۆ گرتووە.٢٧ و ٢٨ ی مانگ بە ئاگابە لە گوشاری دەوروبەر، ڕەنگە دوچاری مشتومڕو ململانێت بکا. پێویستە لەگەڵ هاوکارەکەتدا لەسەرخۆبیت. ٢٩ی مانگ واژۆ لەسەر هیچ گرێبەستێك مەکە تاکو بە باشی لێی نەکۆڵیتەوە. ٣٠ ی مانگ ئارەزووی سەفەرێك ئەکەیت یان ئەتەوێت خۆت لە دەوروبەرەکەت دوور بخەیتەوە. بەشداری لە بۆنەیەکدا ئەکەیت.

### مانگی ئایار

سەرەتای مانگ کارەکانت بەباشی بەڕێوە ئەچێ. ٢ تا ٤ ی مانگ ژیرانە بڕیار لەسەر جێبەجێکردنی کارەکانت ئەدەیت، بەڵام بەئاگابەو تا بەباشی لە کارێك نەکۆڵیتەوە واژۆی لەسەر نەکەیت. ٤ تا ٦ ی مانگ پەیوەندییەکی گرنگ دروست ئەکەیت. باری کۆمەڵایەتیت پشتگوێ مەخە. ٥ ی مانگ ڕەنگە کێشەیەکی تایبەت بەکارەکەت کار لە باری خێزانیت بکات. ٨ و ٩ ی مانگ هەسارەی (مانگ) و(ئۆرانوس) لە بورجی نەهەنگدا بەیەك ئەگەن و ڕەنگە پێشهاتی چاوەڕواننەکراوی لێ بکەوێتەوە.



## دووانە ٢١/٥ - ٢١/٦

١٠ و ١١ی مانگ هەوڵبدە خۆت لە گوشاری دەوروبەرو مشتومڕ دووربخەیتەوە. ژیانی خێزانیت تێکەڵ بەکارەکەت ئەبێت، کە ڕەنگە بارودۆخەکەت لێ تێك بدات. هەوڵبدە پەیوەندییەکانت فراوانتر بکەیت و دوورەپەرێزو گۆشەگیر نەبیت. ١٣ ی مانگ بیر لە ژیانی خۆت بکەرەوەو بایەخ بە کێشەی کەسانی ترمەدە. ١٤ی مانگ بوونی هەسارەی (مانگ) لە بورجی کاوردا بارودۆخێکی گونجاو دێنێتە کایەوە بۆ بەڕێوەبردنی کارەکانت. ١٥ ی مانگ پیاداچوونەوە بەکارەکانتدا ئەکەیت. ڕەنگە بەهۆی کارەکەتەوە دوچاری دوودڵی ببیت. ١٦ و١٧ی مانگ سەر لە نوێ دەست بکەرەوە بە ڕێکستنەوەی کارەکانت، بەتایبەت ئەو کارانەی پێویستیان بە چاودێری هەیە. ١٧ی مانگ هەسارەی (مێرکوری) لە بورجی گا دا دەست بە گەڕانەوە ئەکات بەمەش کاریگەریی لەسەر یادەوەرییەکانی ڕابردووت ئەبێ. ١٨ی مانگ پێویستە ژیرانە مامەڵە لەگەڵ دەوروبەرەکەتدا بکەیت. لە نێوان ١٩ و ٢١ی مانگدا چاو بەکارەکانتدا بخشێنەرەوە، هەوڵبدە لەم ماوەیەدا لەبەرچاو نەبیت. ڕەنگە چارەسەری کێشەیەکی خێزانی بکەیت کە پەیوەندی بە دایکت و باوکتەوە هەبێت. ٢٣ی مانگ ڕەنگە بۆ بۆنەیەك بانگهێشت بکرێیت یان مامەڵەی کڕین وفرۆشتنێك بکەیت. لە نێوان ٢٤ و ٢٥ی مانگدا ڕەنگە باری دەرونیت ڕوو لە خراپی بکات. ٢٦ و ٢٧ی مانگ پەیوەندییەکانت بەرفراوانتر ئەکەیت. ڕەنگە پرۆژەیەك بە ئاکام بگەیەنیت. ٢٨ی مانگ بوونی هەسارەی (مانگ) لە بورجی دووپشکدا هەواڵی خۆشت بۆ ئەهێنێت. ڕەنگە گرێبەستێك بەئەنجام بگەیەنیت. ٢٩ و ٣٠ ی مانگ بارودۆخی سۆزدارییت بەرەو باشی ئەچێ.

### مانگی ئایار

سەرەتای مانگ بایەخ بە باری پیشەیی و سۆزداریت ئەدەیت. لەگەڵ ئەوەی لەباری داراییدا ڕێگریت دێتە بەردەم، گەشبینیت ڕێگە نادات بارودۆخەکەت لێ تێك بچێ. ٤ی مانگ بە تاقیکردنەوەیەکی تایبەتدا تێئەپەڕیت، پێویستە واقعیانەتر بیربکەیتەوە، هەوڵبدە چارەسەری گونجاو بۆ کێشەکانت بدۆزیتەوە. ٥ و ٦ی مانگ پلان بۆ سەفەرکردن دائەنێیت، باشتروایە سەفەرەکەت دوابخەیت تا دوای ١١ی ئەم مانگە. ٧ی مانگ هەڵچوون و توڕەبوونت زۆر ئەبێت. ٨ ی مانگ خۆت لە کاری دارایی هەڵمەقورتێنە. ٩ ی مانگ بانگهێشتی بۆنەیەك ئەکرێیت یان گەشتێکی کورت ئەکەیت.





## قرژاڵ ٦/٢٢ - ٧/٢٢

١٠ و ١١ ی مانگ دەست بدەیتە هەر کارێك ئەنجامێکی باشی ئەبێت. ١٢ و ١٣ ی مانگ هەوڵبدە پشوو درێژو لەسەرخۆبیت. ڕەنگە کۆمەڵێك کەس تورەت بکەن. ١٤ ی مانگ بوونی هەسارەی (مانگ) لە بورجی کاوڕدا دەرگا داخراوەکانت لێ ئەکاتەوەوە هەندێ هەلی پیشەیی و گۆڕانکاریی باشت بۆ ئەرەخسێنێ.١٥ و ١٦ی مانگ ڕای خۆت بەسەر دەوروبەرەکەتدا زاڵ مەکە. ئاگاداریی باری تەندروستی خۆتبە، سەردانی پزیشکی تایبەت بکە. ١٨ ی مانگ هەسارەی (مێرکوری) لە بورجی گا دا دەست بەگەڕانەوە ئەکات، کە ڕەنگە ڕێگری لە بەردەم سەفەرێك یان پرۆژەیەکتدا دروست بکا. ١٩ و ٢٠ی مانگ گۆڕانکاری لە ژیانتدا ڕوو دەدات و کاریگەریی باشی ئەبێت و هەست بە سەقامگیربوونی زیاتر ئەکەیت.٢١ و ٢٢ی مانگ هەوڵبدە بەئاشکرا کارەکانت بەئاکام نەگەیەنیت. ٢٣ و٢٤ ی مانگ چالاکیت زۆر ئەبێت و هەوڵبدە دیپلۆماسیانەتر کارەکانت بە ئاکام بگەیەنییت. ٢٥ ی مانگ بوونی هەسارەی (ڤینۆس) لە بورجی دووانەدا ئەبێتەهۆی هەستکردن بە تەنیاییەکی زۆرو تێکچوونی باری سۆزدارییت. ٢٦ و ٢٧ی مانگ ڕەنگە تووشی کێشەی خێزانی ببیتەوە، هەوڵبدە زیاتر لەسەرخۆبیت. ٢٨ و٢٩ی مانگ بوونی هەسارەی (مانگ) لە بورجی دووپشکدا بارودۆخ لە بار ئەکات بۆ بەئاکام گەیاندنی کارەکانت.

### مانگی ئایار

سەرەتای مانگ هەسارەکان یارمەتیدەرت ئەبن لە بڕیارێکی چاونەترسانەدا. بەڵام بەئاگابە لە هەر کارێکی هاوبەش، باشتروایە هاوبەشی لەوکارانەدا نەکەیت. ٥ و ٦ی مانگ ناتوانی مشتومڕ لەسەر بیروڕای تازەوجیاواز بکەیت، هەندێ بڕیاری گرنگ لەم ڕووەوە ئەدەیت.٧ و ٨ ی مانگ باوەڕت بە خۆت زۆر ئەبێت. سەرنجڕاکێش ئەبیت. ڕەنگە پلان بۆ سەفەرێك دابڕێژیت. ٩ی مانگ باوەڕت بەخۆت زیاتر ئەبێ بۆ هەنگاونان بەرەو پێشەوە.



## شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢

١٠ و ١١ی مانگ لە باری داراییدا دوچاری مشتومڕئەبیت، کەسێك لە بورجی (گا یان فەریك یاخود گیسك)دا لە ئەنجامدانی کارێکدا یارمەتیت ئەدات، بەئاگابە لە هەندێ ڕووداو، ڕەنگە ڕێگری کارەکانت بن بۆ ماوەیەکی درێژخایەن. ١٣ و ١٤ ی مانگ هەسارەی (مانگ) لە بورجی کاوڕدا ئەبێتە هۆی دروستبوونی خەونی تازەوچالاك کردنی پەیوەندییە پیشەییەکانت.١٥ و ١٦ ی مانگ هەوڵبدە لەگەڵ دەوروبەرەکەتدا لەسەرخۆبیت.١٧ی مانگ گەڕانەوەی هەسارەی (مێرکوری) بۆ بورجی گا کاریگەرە بۆ دواخستن و ڕێگریی کردن لەکارەکانت، ئەمەش ئەبێتە هۆی تورەبوون و هەڵچوونت، ڕەنگە ئەم بارودۆخە سێ هەفتە بخایەنێت. ١٩ و ٢٠ی مانگ بە ئاگابە لە ڕەفتارت. باشتر وایە لەم دوو ڕۆژەدا سەفەر نەکەیت. هەوڵبدە زیاتر کارەکانت بە شاراوەیی بە ئاکام بگەیەنیت. ٢٢ و ٢٣ ی مانگ باوەڕت بە خۆت زۆر ئەبێت و لە بارودۆخێکی ڕۆمانسیدا ئەژیت. ٢٤ و٢٥ی مانگ پێویستیت بە سەقامگیری زیاتر هەیە. ٢٥ ی مانگ هەسارەی (ڤینۆس) لە بورجی (قرژاڵ)دا هەستی سۆزداریت شاراوە ئەکات و زیاتر هەست بە تەنیایی ئەکەیت. ٢٧ ی مانگ گوێ لە ئامۆژگاریی دەوروبەرەکەت بگرە. ٢٨ی مانگ هەسارەی (مانگ) لە بورجی دووپشکدا کاریگەرە بۆ چارەسەرکردنی کێشە تایبەتەکانت. هەوڵبدە خۆت لە دژایەتی کردنی دایك و باوك یان کەسە نزیکەکانت دووربخەیتەوە. ٢٨ و ٢٩ی مانگ هەوڵی دەربازبوون بدە لەوکۆت و پێوەندەی گیرۆدەی کردووی. ٣٠ی مانگ هەواڵی خۆشی لە خۆ گرتووە یان سەرسام ئەبیت بە کەسێك.

### مانگی ئایار

لە سەرەتای مانگدا ئەتوانی چالاکی و پەیوەندییەکانت زۆر بکەیت. ٢ تا ٤ ی مانگ لێپرسراوێتی و ئەرکی چەند کەسێك لە ئەستۆ ئەگریت. ٥ و ٦ ی مانگ بە ئاگابە لە کێشەیەکی هاوسەری، بە ووردی مامەڵەی لەگەڵ بکە، هەروەها سەرقاڵی کێشەیەکی یاسایی ئەبیت.٧ تا ٩ی مانگ ڕووبەڕووی کێشەی کەسێك ئەبیتەوە، و ناپاکی کەسەکە بارودۆخەکەت لەبەر چاو ئەخات. هەوڵبدە تووڕەییت کەم بکەیتەوە.



## فەریك ٨/٢٣ - ٩/٢٢

١٠ و ١١ ی مانگ کارێکی یاسایی سەرقاڵت ئەکات. واژۆ لەسەرهیچ گرێبەستێك مەکە، مشتومڕ لەسەر کاری هاوسەرگیری یان جیابوونەوە مەکە. ١٢ تا ١٤ ی مانگ هەواڵێکی سەیروچاوەڕوان نەکراوئەبیستیت کە پێی سەرسام ئەبیت. ١٥ و ١٦ ی مانگ بارودۆخەکە لە بەرژەوەندیی تۆ ئەبێت.١٧ و ١٨ی مانگ لەگەڵ ئەوەی ڕێگری دێتە بەردەم کارەکانت هەوڵبدە ڕەشبین نەبیت. باوەڕت بە خۆت پتەو بێت. ئەم ماوەیە زۆر بەسەرکەوتووانە کارەکانت بە ئاکام ئەگەیەنیت. ١٩ و ٢٠ی مانگ بەهۆی هاوکارییەکی چاوەڕواننەکراو لەلایەن کۆمەڵێك کەسەوە ڕزگار ئەبیت لە کۆت و پێوەندێك. ٢٢ی مانگ پەیوەندیت لەگەڵ ژنێکی ناسیاودا ئاڵۆز ئەبێت، بە هەموو شێوەیەك هەوڵی چارەسەرکردنی کێشەکەت ئەدەیت. ٢٣ ی مانگ خۆت مەخەرە بەرچاو، کارەکانت بە نهێنی بە ئاکام بگەیەنە. ٢٤ و ٢٥ی مانگ ئەگەر بەنیازی دەست بە هەر کارێك بکەیت ئەم دوو ڕۆژە لەبارە بۆ بە ئاکام گەیاندنی. ڕەنگە سوپاسێك بکرێیت. ٢٦ و٢٧ی مانگ سەرقاڵی باری دارایی و بودجە ئەبیت. ٢٨ ی مانگ هەسارەی مانگ لە بورجی (دووپشك)دایە پێویستە کارەکانت بە بێدەنگی و نهێنی بە ئاکام بگەیەنیت. ٢٩ی مانگ هەوڵی دڵخۆشکردنی دەوروبەرەکەت بدە بە سازکردنی ئاهەنگێك یان کۆکردنەوەی هاوڕێکانت. ٣٠ ی مانگ هەندێ هەڵچوونت بەرەو ڕاڕایی و گومانت ئەبەن، لەبەرئەوە باش نییە بڕیار لەسەر هیچ شتێك بدەیت.

### مانگی ئایار

سەرەتای مانگ باری سۆزدارییت ڕوو لە ئاڵۆزی ئەکات. ٢ و ٣ی مانگ بارودۆخ گونجاو ئەبێت و باری داراییت زۆر باش ئەبێت. ٤ی مانگ پەیوەندی و چالاکییەکانت ڕوو لە زۆر بوون ئەبێ. لە ٥ و ٦ی مانگدا یارمەتیی کەسێك ئەدەیت لەبەدیهێنانی خەونێکیدا.٧ و ٨ ی مانگ ئەگەر لەسەرخۆبیت ئەوا هەموو کارەکانت سەرکەوتووانە بە ئاکام ئەگەیەنیت.



# بەختت لەم مانگەدا



## تەرازوو ٢٣/٩ – ٢٢/١٠

١٠و١١ی مانگ بیروڕاو هاوکاری و ئامۆژگارییەکانت دەربڕە، ئەوەت بیرنەچی هەسارەی (ساتورن) بورجەکەتی بەجێهێشتووەو بەرەو بورجی(فەریك) ئەڕوات ئەوەش ئارامی دەرونیت پێ ئەخشێ. ١٢ و ١٣ی مانگ سەرقاڵی چارەسەرکردنی کێشەیەك ئەبیت لە کارەکەتدا. ١٤ی مانگ هەسارەی مانگ لە بورجی کاوردا ململانێ و ڕووبەڕووبوونەوەکانت زۆرتر ئەکات، هەوڵبدە لەسەر خۆبیت. ١٥ و ١٦ی مانگ ناچار ئەبیت بەدوای ڕاستییەکاندا بگەڕێیت. بە لێهاتووییەوە کارەکانت بەڕێوە ئەبەیت.١٧ و ١٨ی مانگ باوەڕت بە خۆت زۆر دەبێت. ١٩ و ٢٠ی مانگ خۆت لە مشتومڕی توند دووربخەرەوە. ٢١ ی مانگ گیرۆدەی کێشەیەکی سۆزداریی ئەبیت. ٢٢ی مانگ چالاکیت زۆر ئەبێت. لەگەڵ کۆمەڵێك کەس بە هاوبەشی کارێك بە ئاکام ئەگەیەنن.٢٤ی مانگ ڕێگە بە کەس مەدە بتباتە شوێنێك شیاوی تۆ نەبێت. بیر لەهەموو کارێك بکەرەوە پێش ئەوەی ئەنجامی بدەیت. ٢٥ ی مانگ هەسارەی (ڤینۆس) دێتە بورجەکەتەوەو هەست بە ئارامی ئەکەیت و پلان بۆ کاری نوێ دائەڕێژیت. ئەم ماوەیە هەست بە ڕۆمانسیەتێکی تایبەت ئەکەیت لەگەڵ کەسێکی بیانیدا. ٢٦ و ٢٧ی مانگ هەست بە بێتاقەتی ئەکەیت، ئارەزووی گۆڕانکاریی ئەکەیت. ٢٨ ی مانگ هەسارەی (مانگ) لە بورجی دووپشکدا هەلی کارێکی گرنگت بۆ ئەڕەخسێنێ و دەستکەوتێکی دارایی باشت ئەبێ. ٣٠ی مانگ هەڵچوون و تورەبوونت زۆر ئەبێت. لە ڕابردوودا ئەژیت، ئارەزوو ئەکەیت لەگەڵ هەندێ لە هاوڕێکانت کۆببیتەوە.

### مانگی ئایار

سەرەتای مانگ بارودۆخێکی سۆزداری خۆش بەسەر دەبەن ٢تا ٤ی مانگ سەرقاڵی چارەسەرکردنی کێشەیەکی دارایی دەبیت،٦و٧مانگ گوشارەکان کەم دەبنەوە، پڕۆژەیەکی گرنگ ئەنجام ئەدەن. ٨ی مانگ لەگۆڕانکارییەکان ئاگاربەر، ٧تـا١٠ی مانگ هەوڵی ڕێکخستنەوەی بارودۆخەکە ئەدەیت. کێشەیەکی یاسایی چارەسەر ئەکەیت.



## دووپشك ٢٤/١٠ – ٢١/١١

١٠ و ١١ ی مانگ کارێکی جیاواز بە ئاکام ئەگەیەنیت،بەهۆیەوە سەقامگیرو دڵخۆش ئەبیت. ١٢ و ١٣ ی مانگ خەونێکت دێتە دی یان زانیاریەکی بەسوودت دەست ئەکەوێت. ١٤ ی مانگ هەسارەی (مانگ) لە بورجی کاوردا تیشك ئەخاتە سەر باری پیشەیی و تەندروستیت، ئاگاداری باری تەندروستی خۆت بەو لەسەرخۆبە، ئەگەر کارەکانت بە ئاسانی نەهات بەدەستەوە. ١٥ و ١٦ی مانگ لە باری پیشەییتدا مەرجی تازەت دێتە بەردەم، ڕەنگە گۆڕانکاری لە باری پیشەییت یان کارێکی هاوبەشدا دروست ببێت. ١٧ ی مانگ هەسارەی (مێرکوری) لە بورجی گادا دەست بە گەڕانەوە ئەکات بەمەش کاریگەریی ئەبێت بۆ دروست بوونی ڕێگری لە بەردەم کارەکانت یان دواخستنی سەفەرێکت. ١٨ ی مانگ کارەکانت بە ئاشکرا بە ئاکام بگەیەنە. ١٩ی مانگ لە بارودۆخێکی ئارامدا ئەژیت. ٢٠ی مانگ هەسارەی (مانگ) لە بورجی(قرژاڵ)دا وات لێئەکات لە کارەکانتدا لەسەرخۆبیت. ڕەنگە واژۆی گرێبەستێك بکەیت. ٢٢ و ٢٣ ی مانگ ئاگاداری باری تەندروستیت بە، سەردانی پزیشك بکەو تەندروستیت پشگوێ مەخە. ٢٥ ی مانگ هەسارەی (ڤینۆس) ئەچێتە بورجی دوانەوە تا ١٦ ی مانگی داهاتوو تێیدا ئەمێنێتەوەو کاریگەریی لەسەر باری داراییت ئەبێ. ٢٦ی مانگ ڕووبەڕووی چەند ڕاوبۆچوونێکی جیاواز ئەبیتەوە، هەوڵی دۆزینەوەی چارەسەرێکی گونجاو ئەدەیت. ٢٧ ی مانگ بە پڕۆژەیەکی گرنگەوە سەرقاڵ ئەبیت. ٢٨ ی مانگ بوونی هەسارەی (مانگ) لە بورجەکەتدا بەختەوەرت ئەکا و لەبەرژەوەندیی تۆدا ئەبێت. ٣٠ی مانگ بەباری داراییەوە سەرقاڵ ئەبیت .

### مانگی ئایار

سەرەتای مانگ هەست بە بێ توانایی ئەکەیت لە دەربڕینی خۆشەویستیدا. ٢ی مانگ سەرقاڵی باری خێزانیت ئەبیت. ٣ ی مانگ گرنگی بە باری پیشەییت ئەدەیت و پلان بۆ چەند ساڵی داهاتوو دائەنێیت. ٤ تا ٦ ی مانگ باری خێزانیت ئاڵۆز ئەبێت، سەرقاڵ ئەبیت بە گرفتێکی خێزانییەوە کە ڕەنگە ببێتە مایەی ڕاڕایی و خەمباری. ٩ی مانگ هەسارەی (مانگ) و(ژوپیتەر) و(ئۆرانوس) بەیەك ئەگەن ئەمەش بەمانای هاتنی شادی و بەسەرچوونی خەمەکانتە .لە بارێکی ڕۆمانسی زۆر خۆشدا ئەژیت.



## کەوان ٢٢/١١ – ٢٠/١٢

١٠ و ١١ ی مانگ پێویستە کارەکانت بە بێدەنگی و نهێنی بە ئاکام بگەیەنیت. بەئاگابە لە ڕووبەڕووبوونەوەیەك. نهێنییەکانی خۆت بپارێزە. ١٢ تا ١٤ ی مانگ ڕەنگە بچیتە تاقیکردنەوەیەکی تازەی سۆزدارییەوە. ١٤ ی مانگ دەرگاکان لە بەردەمتدا کراوە ئەبن، هەوڵبدە لە هەموو کارەکانتدا خۆت بە سەرکەوتوویی پیشان بدەیت، چونکە ئاکامی کارەکان لە بەرژەوەندی تۆدا ئەبێت. ١٥ و ١٦ی مانگ باری سۆزداریی و تەندروستیت زۆر باش ئەبێ. یارمەتی کەسانی دەوروبەرت ئەدەیت.١٧ی مانگ ڕەنگە بە بارودۆخێکی ئاڵۆزتدا تێپەڕیت، ئاگاداری هەڵسوکەوتت بە. ١٨ و ١٩ی مانگ بایەخ بەباری پیشەیی یان خێزانی ئەدەیت، ڕەنگە بڕێك پارەت بێتە دەست. ٢٠ی مانگ لەم ماوەیەدا بە چەند تاقیکردنەوەیەکدا تێپەڕ ئەبیت کە پەیوەندی بە ژیانی ڕۆژانەتەوە هەیە. ٢٢ی مانگ هەسارەی (مانگ) و (مێرکوری) بەیەك ئەگەن بیربۆچوونی تازەت لا گەڵاڵە ئەبێ. ڕەنگە ئارەزووی سەفەرێك بکەیت. ٢٢ و ٢٣ی مانگ لە کەش و هەوایەکی خۆشدا کات بەسەر ئەبەیت. ٢٤ و ٢٥ ی مانگ بایەخ بەکارەکەت ئەدەیت. ڕەنگە ببێتە مایەی شەرمەزاریی و نارەزایی دەوروبەرەکەت. ٢٥ی مانگ هەسارەی (ڤینۆس) لە بورجی دووانەدا تیشك ئەخاتە سەر باری هاوسەرگیریت. ٢٦ و٢٧ی مانگ پەیوەندی و چالاکییەکانت زۆر ئەبێت و هاوبەشی لە بۆنەیەکدا ئەکەیت. ئاگاداربە هەندێ کەس بە دڵسۆزیەوە کارت لەگەڵ ناکەن. ٢٨ ی مانگ نهێنی خۆت ئاشکرا مەکە، ڕەنگە کەسانێك ئاشکرابوونی نهێنییەکانت بقۆزنەوە. ٢٩ی مانگ دەست بەکاری تازە مەکە، هەوڵبدە کارەکانت ڕێکبخەیتەوە. ٣٠ی مانگ هاوبەشی بۆنەیەك یان پڕۆژەیەك ئەکەیت تیایدا سەرنجڕاکێش ئەبیت.

### مانگی ئایار

سەرەتای مانگ شانازی بەخۆتەوە ئەکەیت، باوەڕت بەخۆت زۆر ئەبێت. ٢ تا ٤ی مانگ ڕای کەس وەرمەگرە بۆ کارەکانت. بەدوای پێویستیەکانی خۆتدا بگەڕێ. ٥ی مانگ سەردانی کەسێکی نزیکت ئەکەیت یان کەسێك سەردانت ئەکات. ٦ ی مانگ مشتومڕ لەسەر پڕۆژەیەکی ئایندە ئەکەیت.٧ و ٨ی مانگ هەڵچوون و توورەبوونت زۆر ئەبێت، ڕەنگە پڕۆژەیەکت دوابکەوێ کە بڕیارە بەئەنجامی بگەیەنی.٩ی مانگ هەوڵی گۆڕینی داب و نەریتێکی باو بدە.١٠هەوڵبدە زیاتر کراوە بیت لەگەڵ دەوروبەرەکەتدا.





**گیسك ١٢/٢١ - ١/١٩**

١٠ و ١١ ی مانگ هەندێ شتت لا ئاشکرا ئەبێت کە پێشتر پێویستیت بە زانیاری هەبووە دەربارەی. ١٢ی مانگ بایەخ بە باری خێزانی ئەدەیت. چارەسەر بۆ هەندێ کێشە ئەدۆزینەوە. ١٤ ی مانگ ئاگاداری خۆتبە لـەڕووداوی ئاگر کەوتنەوە. ١٥ و ١٦ی مانگ بارودۆخ لەبار ئەبێت لەسەر ئاستی خێزانی و ڕۆمانسیدا و لە کەش و هەوایەکی خۆشدا ئەژیت. ١٧ی مانگ هەسارەی (مێرکوری) لە بورجی گادا دەست ئەکات بە گەڕانەوە بەمەش کاریگەریی ئەبێت بۆ پیاچوونەوە بەسەر پەیوەندی و کارەکانتدا. ١٩ و٢٠ی مانگ هەسارەی (مانگ) ئەچێتە بورجی قرژاڵەوە، ئامۆژگاری گەردوون ئەوەیە کە هیچ بڕیارێك نەدەیت. ٢١ی مانگ سەرقاڵی باری داراییت ئەبیت. ٢٢ تا ٢٤ ی مانگ هەوڵبدە سوود لە بارودۆخەکە وەربگریت. بۆ باری سۆزداریت،پلان دابڕێژە لەگەڵ خۆشەویستەکەتدا. ٢٦ و٢٧ی مانگ ڕەنگە لە باری پیشەییدا تووشی هەندێ کێشە ببیت، بە ئاگابە و خۆت لە ڕووبەڕووبوونەوەوململانی دوور بخەرەوە. بیرت نەچێت ڕووبەڕووبوونەوەی هەسارەی (ئۆرانوس) و (ساتۆرن) ئاگادارت ئەکاتەوە لە هەر ڕووبەڕووبوونەوەیەك. ٢٨ی مانگ هاوڕێکانت ڕۆڵێکی بەرچاو ئەبینن لە بە ئاکام گەیاندنی کارەکانتدا. ٢٩ ی مانگ ڕەنگە سەفەرێك بکەیت. ٣٠ی مانگ پێویستت بە کەش و هەوایەکی لەبارو ئارامە کە تیایدا بحەوێیتەوە.

## مانگی ئایار

سەرەتای مانگ لە ئەرکە قورسەکانی سەرشانت دورئەکەویتەوەو بڕیارێکی قورس ئەدەیت. ٢ تا ٤ی مانگ لێپرسراوەکەت گوشارت بۆ دێنێ، ٥ و ٦ ی مانگ لە کاتی پێویستیتدا دوودڵ مەبە لە داواکردنی یارمەتی لە دەوروبەرەکەت. ئەم دوو ڕۆژە بۆنەو ئاهەنگی لە خۆ گرتووە، ڕەنگە سەرسامت بکات.٧ تا ٩ی مانگ سەرقاڵی مەسەلەیەکی دارایی ئەبیت. بە وەرگرتنی سوپاسێك یان دەست کەوتنی بڕێك پارە دڵخۆش ئەبیت.



**سەتڵ ١٠/٢٠ - ٢/١٨**

١٠ی مانگ باجێك ئەدەیت، ئامۆژگاری هەسارەکان ئەوەیە کە هیچ شتێك نەکڕی. ١١ی مانگ گوێ لە قسەی کەس مەگرە تاکو بەباشی تێنەگەیت لە شتەکان. ڕەنگە داوای بڕیاری کۆتاییت لێبکرێت لە سەر بابەتێکی گرنگ. ١٢ی مانگ سەرنجڕاکێش ئەبیت. ١٤ی مانگ هەسارەی (مانگ) لە بورجی کاوڕدا باس لە هەلی تازە ئەکات بۆ ڕێکخستنەوەی ئەو بارودۆخەی تیایدا ئەژیت. ١٥ و ١٦ی مانگ مشتومڕ لەسەر تەندروستی کەسێکی نزیکت ئەکەیت. سەرقاڵ ئەبیت بەباری داراییەوە یان بە کارێکەوە کە پەیوەندی بە میراتەوە هەیە. خۆت بە دوور بگرە لە دەمارگیری. ١٧ی مانگ بەکاریگەریی هەسارەی (مێرکوریی) ڕەنگە پرۆژەیەکت دوابکەوێت. ١٩ و ٢٠ی مانگ سەرقاڵی کارێکی مرۆیی ئەبیت، مشتومڕ لەسەر باری پیشەیی یان خێزانی ئەکەیت. ٢١ ی مانگ بایەخ بە قسەی دەوروبەرەکەت ئەدەیت. ٢٢ و ٢٣ی مانگ باری سۆزدارییت ڕۆڵێکی گەورە ئەگێڕێت. ٢٤ی مانگ تووڕبوون و هەڵچوونت زۆر ئەبێت. ٢٥ی مانگ لە کەش و هەوایەکی ڕۆمانسیدا ئەژیت. ٢٦ و ٢٧ ی مانگ ئەم دوو ڕۆژە هەنگاوی تازەو گۆڕانکاریی و خۆشی لە خۆ گرتووە. ٢٨ و ٣٩ ی مانگ هەسارەی (مانگ) لەبورجی دووپشکدا ڕەنگە کێشەی پیشەییت بۆ دروست بکات. ٣٠ی مانگ گوشارەکان لەسەرت کەم ئەبنەوەو هاوڕێکانت ڕۆڵێکی بەرچاو ئەبینن لەم ڕووەوە.

## مانگی ئایار

سەرەتای مانگ گرنگی بەباری خێزانی و کۆمەڵایەتیت ئەدەیت. ٢ و ٣ ی مانگ دەرفەتێکی سۆزداریت بۆ ئەڕەخسێ. ٤ ی مانگ بیرو بۆچوونی تازە دەرئەبڕیت، خۆت لە هەندێ کۆت و پێوەند ڕزگار ئەکەیت. ٥ و ٦ ی مانگ هەوڵبدە باوەڕت بەخۆت زۆر بێت. سەرنجڕاکێش ئەبیت. ٧ی مانگ هەلێکی داراییت دێتە بەردەم..خۆت لە کارێك هەڵمەقورتێنە کە پەیوەندی بە تۆوە نەبێت، تاکو دوژمن بۆ خۆت پەیدا نەکەیت، بە تایبەت ئەو کەسانەی کە لەدایکبووی بورجی (گا یان فەریك یان گیسك)ن. ٨ی مانگ مشتومڕ لەسەر باری داراییت ئەکەیت.



**نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠**

١١ی مانگ سەرقاڵی بە ئاکام گەیاندنی کارەکانت ئەبیت. ١٢ و ١٣ ی مانگ دەرفەتی کارێکی تازەت بۆ ئەڕەخسێ، لە شارەکەی خۆت یان لەدەرەوەی وڵات. ١٤ی مانگ پەرە بەپەیوەندییەکانت ئەدەیت. ١٥ و ١٦ ی مانگ گرنگی بە کارە هاوبەشەکانت ئەدەیت. ڕەنگە بکەویتە داوی خۆشەویستییەوە.١٧ی مانگ هەسارەی (مێرکوری) لەبورجی کاوڕدا دەست ئەکات بە گەڕانەوە، پێویستە ئەم ماوەیە لەسەرخۆ مامەڵە لەگەڵ دەوروبەرەکەتدا بکەیت. ١٨ ی مانگ هاوڕێکانت هاوکاریت ئەکەن لە بەڕێوەبردنی کارەکانتدا. ١٨ و ١٩ ی مانگ سەرەتای دەستپێکردنی پەیوەندییە سۆزدارییەکانتە.٢١ و ٢٢ی مانگ ڕۆڵـی دادوەر ئەبینیت لە بابەتێکدا کە لەگەڵ دەروبەرەکەت مشتومڕی لەسەر ئەکەیت، هەوڵبدە بە قسەکانت هیچ کەس بریندار نەکەیت. ٢٣ی مانگ هەسارەی (ساتورن) لەگەڕانەوەدا بە هەسارەی مانگ ئەگات، پێویستە لە ڕەفتارو بەڕێوەبردنی کارەکانتدا لەسەرخۆبیت. ٢٤ و ٢٥ی مانگ ڕەنگە دوچاری کێشەیەکی خێزانی ببیت. هیچ مولْکێك مەکڕە. ٢٦ و ٢٧ ی مانگ ڕەنگە واژۆ لەسەر گرێبەستێك بکەیت. ٢٨ی مانگ هێزو توانات بۆ ئەگەڕێتەوەو چالاکانە کارەکانت بەڕێوە ئەبەیت. ٢٩ی مانگ گۆڕانکارییەکان لە بەرژەوەندی تۆ ئەبێ، بڕیاری سەفەر مەدە لەم کاتەدا. ٣٠ی مانگ هەست بە ماندوبوونێکی زۆر ئەکەیت، پێویستت بە حەوانەیە هەیە.

## مانگی ئایار

١ی مانگ لە مشتومڕێکدا دوچاری خراپ لێکحاڵی بوون ئەبی، پێویستیت بە بەهانە هێنانەوە هەیە بۆ ڕاستکردنەوەی بیروبۆچوونەکانت. ٢ی مانگ لە ماڵەکەتدا ئاهەنگێك ئەگێڕیت. ٣ی مانگ سەرنجڕاکێش دەرئەکەویت، ڕەنگە بتوانی بەردی بناغەی کارێك لەم ڕۆژەدا دابنێیت. ٤ و ٥ی مانگ چاو بەکارەکانتدا ئەخشێنیتەوە. ئەرکەکانی سەرشانت جێبەجێ ئەکەیت. ٦ی مانگ لە ڕووی دارایی یان بازرگانییەوە ڕووبەڕووی هەندێ کێشە ئەبیتەوە. بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەسارەی (ئۆرانوس) و (ژۆپیتەر) بە بەرژەوەندی تۆ تەواو ئەبێ. ٨ و ٩ی مانگ هەست بە هێزو توانایەکی زۆر ئەکەیت، کارەکانت زۆر بە باشی بەڕێوەئەچێت.